# شکەستێك لە ڕابردوو ... پەندێك بۆ داهاتوو

نووسینی:شێرزاد حەسەن

پەرلـەمان یـان (( ئەنجوومـەنی نیشـتمانی )) وەك دەزگایـەکی هاوچـەرخ لـەم سـەردەمەدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی نوێنەری ئەو خەڵکانە بـن کـە ئەگـەر دەنگـی ئەوان نەبووایە ؛ پەرلەمانتارەکان بەختی ئەوەیان نەدەبوو لەو پۆستانە بەهرەمەند بن .

دیارە دەنگبەخشەکان سەر بە چین و توێژی جیاوازن و هـەر بـەو نیازەشـەوە دەچـنە بـەردەمی سندووقی دەنگدان کە بەشێك لە خەون و داواکانیان لە دوای هەڵبژاردن بێننە دی.

لە هەر هەڵبژاردنێکدا گەمەی ( ڕاگەیاندن ) ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت و هـەر ڕاگەیاندنیشـە کـە وا دەکات بـە جۆرێـك ئـەو خـەڵك و خوایـە ئاڕاسـتە بکات کـە هەڵبـژاردنی فلان و فیسارە کـەس لەبەرژەوەندی گەل و نیشتمان و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و سەربەرزیدایە کە دواجار ئەو ڕاگەیاندنە فەزایەکی وا دروست دەکات کە پێی بوترێت – دیموکراسییەت بەرکەماڵ – ە .

ئـەم هـەراو ململانێیـەش پـارە و سـوپایەك لـە خـەڵك و ئـاوەڵاکردنی هـەموو کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدنی گەرەکـە ، هەڵبـەت لێـرەدا جگـە لـە ڕاگەیانـدنی ئاشـکرا ، دەیـەها شـێوازی دیکـەی پەنهان هەن کە حیزب و لایەنەکان دەیگرنە بەر کە هەندێك لەو شێوازانە دەکرێـت پـڕ بـن لـە فڕ و فێڵ و بەڵێنی درۆ و چەواشە کردن .

ڕاستە لە ڕووکەشدا ململانێیەکە هێزەکانی لەبەردەم یەکدیدا داناوە و هەر هێزە و هەوڵدەدات کە گەورەترین ژمارە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە ، بەڵام لە یـادەوەری منـدا هەڵبـژاردنی یەکـەم پەرلـەمانی کـوردی و بەڵێنـە گـەورەکانی حیزبـەکان و شکسـتی ئـەزموونی ئـەو پەرلەمانـە و دابەشبوونی پەرلەمانتارەکان بەسەر دوو لیستی دژ بە یەك و ناکۆك وا دەکات ئێمـە بپرسـین : ئاخۆ لە ماوەی ئەو سیازدە ساڵە دەسەڵاتی کوردی توانی هاونیشتمانییەکی وا دروست بکات کـە هۆشیاری ئـەوەی هـەبێت کـە زۆر شارستانیانە بچێتە نـاو گەمـەی دیموکراسـی ، لـە تێکشکانی ئـەزموونی یەکـەمی پەرلـەمانی کوردییـەوە تێگەیشـتین کـە لـە سـووکترین تەنگژەی سیاسـی و میلیتاریدا هەر هەمووان بە سەرکردە و بنکـردە و پەرلـەمانتار و ڕۆشـنبیر و خـەڵکانێکی زۆری ناو چین توێژەکانی کۆمەڵ ئامادەن بەسەر حیزبە شەڕکەرەکاندا دابەش ببن .

ئـەوەتا لـە دوای سـیازدە سـاڵ لـە ئـەزموونی شکسـت خـواردووی پەرلـەمان ، هـەر دوو حیزبـی کوردی لە بری ئـەوەی بـاس لـە دەسکەوت و سـەرکەوتنەکانی خۆیـان بکـەن لـە بـواری دروسـت کردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و خۆشگوزەران و ئازاد .تازە بە تازە لە ڕێی هەڵڕشتنی بەرتیل و کڕینی دەنگی خێڵ و عەشیرەت و هۆز و تایەفەکان ناشـرینترین گەمـە دەکـەن ، کـار گەیشـتۆتە

ئەوەی (یەکێتی و پارتی) لەسەر سەرلە نوێ تەعمیر کردنەوەی (چاپخانەی شەعب) دەنگ پەیدا بکەن ، دەیەها گەمەی وەك دابەشکردنی موەلیدە و بەڵێنی قیرتاوکردنی کۆڵانێکی قوڕاوی. لە هەڵبژاردنی یەکەمدا هەردوو حیزب بەڵێنیان بە خەڵکدا کە (براکوژی) تا ئەبەد لە گۆڕ نراوەو لە گۆڕ دەنرێت ، کەچی دەمەقاڵییەك بەس بوو لە "رانیە" کە وابکات ئاگری شەڕ هەموو ئەم خاکە بکات بە شەڕگە و ئەو ململانێ و کەرتبوونەی کوردستانیش بە خەڵك و خاکەوە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات خەونی هەر هەموومان زیندە بەچاڵ بکات.

من وای دەبینم کە چوونە پێشەوەی حیزبەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی ، لە گەمەی هەڵبژاردن دیسانەوە بە بەرتیل و خێڵ کۆکردنەوە دەستی پێکرد ، هەتا کۆکردنەوەی سەندیکاکان و یەکێتی پیشەکار و فەرمانبەران و مامۆستایان و ئەندازیاران و پزیشکەکان هەر لەسەر هەمان شێوەی کۆکردنەوەی خێڵ و پیاوانی بنەماڵەکان بەڕێوە دەچێت ، چونکە ئاشکرایە کە رێکخراوو سەندیکاکانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوون .

ڕێکخراوە بە ناو دیموکراتییەکان چەند دەزگایەکی گوێڕایەڵی حیزبن ، ژمارەیەکی زۆر لەو دەنگانە دەسووتێن ئەو کاتەی چەند ژن و پیاوێکی شەرمن و گوێکەڕیلە دەبنە ئەندام پەرلەمان، بە تایبەتی لای خۆمان ، بەڵکو لەگەڵ فڕێدانی کارتی دەنگدانەکە بۆ ناو سندوقی هەڵبژاردن کەس گەرەنتی ئەوە نادات ئایا کەسی هەڵبژێردراو کام لەو خەون و داوایانە دێنێتە دی، کە دیارە بۆ من زۆربەیان جگە لە مووچەخۆر هیچی دیکە نەبوون.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا گەر لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کە حیزبەکان هەر یەکە و لیستی خۆی هەیە و هەر لیستێك ژمارەیەك لە کاندیدکراوی تێدا بێت و دەنگدەر کە لە سندوقی هەڵبژاردن دەچێتە پێشێ ، بە چ ئومێدێکەوە بوێرێت بەختی خۆی تاقی بکاتەوە؟ چونکە لە یادەوەری زۆربەماندا ئەوە ئامادەیە کە بەڵێن و دروشمەکان بەتاڵ بوونەوە ، بەڵێنەکان و دروشمەکانی شاخ و شاریش پووچەڵ بوونەوە ، سیاسەتبازەکان بوون بە بازرگان و خودی سیاسەت بوو بە دوکان و بازاڕ و بزنس ، کوردستان دوو کەرت و سێ کەرت کراوە .

بۆ هەڵبژاردنی دووەم چ بەرنامەیەکی کوردانە و شارستانی بەڕێوەیە؛ لەمەڕ چارەنووسی کوردستان ستراتیژی سیاسی کامەیە؟ سەبارەت بە ماف و هەقی منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتە چیتان لە هەگبەدایە؟ سەبارەت بە سیستەمی پەروەردە و دابین کردنی دڵنیا بوونی تەندروستی و خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کامە بەرنامەتان لەبەر دەستتدایە؟ سەبارەت بە نەهێشتنی کاریگەری عەقڵی بەعسیزم؟ سەبارەت بە ژینگەپارێزی؟ سەبارەت بە گرفت و کێشەی نیشتەجێ بوون و دەیەها گرفت و کێشەی دیکە بە تەمای چین؟ لە هەڵبژاردنی

ئەمجارەدا بەختی خەڵكانی تەكنۆقرات و سەربەخۆ چەندە و تا كوێ ڕێگەیان پێ دەدرێت؟
گرفتی لیست لەوەدایە كە كاندیدكراوەكان وەك یەك تەن دەبیندرێت نەك وەك هاوڵاتی و مرۆڤێكی سەربەخۆ و تاكە كەس كە دواجار دەكرێت حیزب بە كەیفی خۆی ناوەكان هەڵبژێرێت كە كەسمان دڵخۆش نەكات ، چونكە دوا جار حیزب چەشنێك لە دەسەڵاتی دكتاتۆریانەی خۆی دەسەپێنێت كە جەماوەر لە هەڵبژاردنی ناوەكانی ناو لیستەكە هیچی پێ ناكرێت .

لێرەدا هەتا گەر لیستی سەربەخۆش هەبێت دیسانەوە وەك (یەك تەن) دەبیندرێت نەك وەك تاكەكەس ، بۆ نموونە گەر لیستی سەربەخۆكان بیست كەس بن و ڕێژەی ئەوتۆی هێنا كە لە گەمەی هەڵبژاردن بیباتەوە ، ئەوە بە تەنها سی چوار ناو دەبنە ئەندام پەرلەمان كە دیسانەوە دەكرێت دەنگی من و تۆ بۆ ئەو كەسانە بووبن كە لە لیستەكەدا دەكەون و فەرامۆش دەكرێن .

هەر بۆیە (چۆمسكی) گومان لە دیموكراسییەتی ئەمریكی دەكات و ناوی دەنێت دیموكراسییەتی (لە قوتوونراو) یان ( دیموكراسی ئاڕاستە كراو – Directed Democracy) چونكە دواجار سەرمایە (پارە و پوول) و گەمەكانی ڕاگەیاندن كەسەكان و دەنگدەران وەها ئاڕاستە دەكەن كە حیزبەكان و دەسەڵاتدارەكان مەبەستیانە ، هەڵبەت نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت كە ئەگەر لە ئەمریكا و ئاوروپا بە درۆ كەوتنەوەی بەڵێنەكان و جێبەجێ نەكردنی داوا و خۆزگەكان جێی ڕەخنە و دادگایی میللیی بێت و لەسەر پەرلەمانتارەكان حیساب بكرێت ، ئەوە لای ئێمە كەس ناوێرێت بە پەرلەمانتارەكان بڵێت : چیتان بۆ كردین؟؟

گەر (چۆمسكی) گومان لە دیموكراسیەتی ئەمریكی بكات ؛ بۆ دەبێت ئێمە لێرە سووك و سانا بڕوا بە گەمەی دیموكراسی بكەین ، لە كوردستان و لە عێراقێكدا ، كە نوقمە لە ڕۆحی توند و تیژی و نەبوونی دیالۆگ و ڕۆحی خێڵەكی و هەڵپەكردن بۆ بەرژەوەندخوازی تا ئاستی گەندەڵبوون كە هەر هەموومان ساڵانێكە لەم ولاتەدا هەستی پێدەكەین ، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی یەكەمدا لە بری دەنگدان كە دەمزانی دەسوتێت..من سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانێك بووم چونكە من دڵنیا بووم كە هیچ پەرلەمانتارێكی كوردی نیە بتوانێت كەمترین خەون و داوای من بێنێتە دی ، چونكە دواجار نوێنەری هەزارەها كەس ئەو موعجیزەیەی پێ نییە كە بزانێت ئەو هەموو خەڵكە بە چ خەون و داوایەكەوە هاتوونەتە بەردەمی سندوقی دەنگدانەوە.

گریمان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەكانی پەرلەمانی كوردی بە ( لیستی سەوز و زەرد )ەوە هەزارەها كەس دەنگی بۆ ئەوە دابێت كە هەردوو هێزەكە كۆك و ڕێكن لەسەرخستنی پرۆژەی

(نەتەوایەتی).کەچی ململانێ و ڕۆحی خێڵەکی و مەزهەبگەرایی زیندوو کردەوە ، گەر دەنگەکان بۆ ئەوە بووبێت کە هێزێکی ڕادیکاڵ و سێکولار – عەلمانی – و مۆدێرن لە کۆمەڵی ئێمەدا بە پێشەنگی ئەو حیزبانە دروست ببێت .فەزایەکی کۆمەلایەتی کراوە و تازە بێتە ئاراوە و دەیەها ڕێکخراو و سەندیکای سەربەخۆ دابمەزرێن ، کۆمەڵگایەکی وا کە لەبری ململانێی سەربازی ڕێزی گفت و گۆی عەقلانی بگرێت ، کەچی لە دوای سیازدە ساڵ پێچەوانەی ئەو خەون و داوایەمان بینی .

لە پای ململانێی ئەو دوو حیزبە خەریك بوو کوردستان وەك خاك و خەڵك لە ئەفغانستاتی سەردەمی "تالیبان" خراپتری لێ بێت ، لە ژێر سێبەری ململانێی ئەو دوو حیزبەدا هێز و گروپە پاشکەفتی و خوێن خۆرەکان یەك لەسەر سێی کۆمەلگەی کوردیان قووت دا ، لەو هەموو هەرا و ململانێیەدا پەرلەمانتارەکان خامۆش و بێدەنگ بوون .ئەوانیش وەکو ئێمە چاوەڕێ بوون ، دیارە بە ڕای من پەرلەمانتارەکانی کورد پتر لە فەرمانبەری خانەنشین دەچوون چونکە نە بە تاك و نە بە کۆ هەڵوێستێکی توند و جدییان لەو ململانێیە وەرنەگرت، بەو ئەندامانەشەوە کە هونەرمەند و نوسەر بوون ، هەڵبەتە لەو ماوە دوور و درێژەدا زۆرینەی پەرلەمانتارەکان لە مووچەی مانگانەی خۆیان بێبەش نەبوون کە چاوەڕێ دەکرا دوای ململانێی سەربازی نێوان ئەو دوو حیزبە هەر هەموویان یان هەر هیچ نەبێت ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارەکان دەست لە کار بکێشنەوە چونکە ئەوان نوێنەری ئەو هەزارەها خەڵکە بوون کە لەسەر جادەکان کۆ دەبوونەوە و هاواریان دەکرد : **شەڕمان ناوێت** ، ڕێپێوانی ئەو چین و توێژانەی لەسەر لافیتەکانیان نووسیبوویان : **<u>نا بۆ براکوژی</u>** .

یەکێك لە ئەزموونە بەراییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی کە دەتواندرا ڕاستگۆیی پەرلەمانی کوردی تیایدا دەر بکەوێت وەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بوو لەمەڕ شەڕی ناوخۆ ، پەرلەمانی کوردی کە دەستە پاچە و ئیفلیج لەبەر دەم هەلگیرسانی ئەو خۆکوژییەدا وەستا هیچ مانا و حیکمەتێك بۆ مانەوەی نەما و بە تەواوی مافی مانەوەی وەك دەزگایەك کەوتە ژێر پرسیار و گومانەوە .

هەر ئەوەندە و نا ... بەڵکو هەندێك لە پەرلەمانتارەکان بوون بە جەنگاوەر و دوای دامرکانەوەی شەڕی بەرەکان هەر دوو حیزبەکە باسیان لە کابینەی دووەم و سێیەم دەکرد کە ئەوەیان گاڵتە کردن بوو بە خودی ئەو دەزگایەی کە جگە لە ئامرازێك هیچی دیکە نەبوو ، تاڵترین ئەزموون و تێکشکانی پەرلەمان و دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەیەکی قورسی وەك ئەوەی کە نەیتوانی ببێت بە هێزێکی فشار بەسەر هەردوو حیزبەکە کە شەڕی یەکتری نەکەن

و دوا جاریش شەرمن لەبەردەم یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دۆش داما بوون ، ئەوەشیان ئەو پووشە بوو کە دواجار پشتی حوشترەکەی شکاند .
هەڵبەت ئەوان وەك کاندید کراوی حیزب و کۆمەڵێك کەسی گوێڕایەڵ ، نەك نوێنەری گەل و نیشتمان هیچیان بۆ نەکرا ، هەڵبەت لە دەیەها رووبەرووبوونەوە لەگەڵ خەڵکیدا پەرلەمانتارەکان گەلێك بڕ و بیانوویان دەهێنایەوە بۆ ئەو سستی و خەمساردییە ، بەلام کەسێك لە کوردستان ئامادە نییە ڕێزی هیچ پاساو هێنانێك و بیانوویەك بگرێت ، بەڵکو هەمیشە پەرلەمانتاری کوردی خۆی لە هەموو چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەشارێتەوە و خۆی لە بەرپرسیارێتی ڕووداو و کارەساتە گەورەکان و نەهاتنە دی خەون و بەڵێنەکان دەدزێتەوە.
من نامەوێت گومان لە نیاز و مەبەستی ئەو نوێنەرانە (پەرلەمانتاران)ە بکەم ئەو کاتەی خۆیان کاندید کردووە ، هەر هەموو بە جۆرێك لە جۆرەکان ویستوویانە لەو ئەزموونە تازەیە بەشدار بن و هەڵبژاردنی لیستی هەر لایەنێك مافی هەر یەك لەوانە ، هەر کەسێك مەیلی بەوە هەیە سەر بە دەزگایەك، ڕێکخراوێك ،خێڵێك ، سەندیکایەك یان حیزبێك بێت ، بەلام بوون بە پەرلەمانتار خۆ ئامادەکردنە بۆ هەڵگرتنی خەسڵەت و ناسنامەیەکی تازە کە لەدوا قۆناغدا دەیکا بە دەمڕاستی ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ داوە و لەسەر داوا و مافەکانیان ئامادەیە تا سەر بجەنگێت .
هەر دەزگایەکی سیاسی و سەندیکا و ڕێکخراوێك گەر ئەندامەکانی لەو بەڵێن و دروشمانە بەتاڵ بکەیتەوە کەخۆیان هەڵیانگرتووە ، ئەوسا خاوەنی هیچ پەیامێکی ئینساندۆستی و ڕوخسار و کارەکتەرێکی ئەخلاقی و ڕەوشتپارێزی نابن ، ئەوە ئەندامانی ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەیە کە تێکەڵەیەك لە نێوان خێر و شەڕدا دروست دەکەن ، لە نێوان جوانی و ناشرینی ، ڕاستی و درۆدا بەرزەخێك درست دەکەن ، پەرلەمان بە تەنها باڵەخانەیەك و ئالایەك و کۆمەڵێك یاسا و بەندی مردوو نیە .
مرۆڤەکان بۆیە خۆیان لە ناو ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەك ڕێکدەخەن کە وەك هێزێك لە بەرامبەر هەر جۆرە ستەم و ناهەقیەك بێنە دەنگ و ئامادەش بن بکەونە ململانێ و جەنگێکی مەدەنیانە و ڕاستگۆ بن لەگەڵ ئەو پەیام و دروشمانەی هەڵیانگرتووە ، ڕۆحی پڕ لە خێر و شەڕی ئەو دەزگایە لە هەڵوێستی ئەخلاقیانەی ئەندامەکانی سەرچاوە دەگرێت .
هەڵبەتە لە کوردستان حیزب ئەو دەسەلاتە سیحراوی و پیرۆزەی بە خۆی داوە کە وای کردووە دواجار هەر هەموو دەزگا و ڕێکخراوەکان کە لە هەناوی حیزبەوە هاتوونەتە دەرێ هەمان

پیرۆزیان هەیە ، هەربۆیە گومان کردن یان ڕەخنە گرتن ، بۆ نموونـه لـه ڕاسـتگۆیی  پەرلـەمان گومان کردن و ڕەخنە گـرتن دەبێت لـه حیـزب کـه هێـز و دەسـەڵاتی خولقێنەرانـەی خـۆی لـه دەرەوەی هەر گوناه و گومانێکدا دەبینێت. .

لە سیازدە ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك کار و ئەرکی دەرەکی و ناوەکی هەبوون کـه چاوەڕێ دەکـرا دەسـەڵاتی کـوردی لـه ڕێگـەی دەزگاکانیـەوە ، چ سـەربازی و چ شارسـتانی فەراهـەمیان بکـات ، خزمـەتگوزاری و چەشـنێك لـه خۆشـگوزەرانی دابـین بکات. لـه ئەرکـه ناوەکییـەکان ، هـەر بـۆ نموونـه ، بـوونی ڕێگاوبـانی چـاکە ، کارەبـا ، ئـاو ، سیسـتەمێکی پـەروەردەی تـازە و ئـازاد لـه کاریگـەری بەعسـیزم و مێنتـالتی خێڵـەکی ، ئاسایشـی نـاوخۆ ، خزمـەتگوزاری پۆسـت ، یاسـا ، تەندروستی، جیاکردنەوەی هەر سێ دەستەڵاتەکە لە یەکدی ... هتد .

کە بە داخەوە لەم بوارانەدا گەر  ڕاپرسییەك لەناو خەڵکیدا بکرێت ئەوسا تێدەگەین کە بەشی خـەڵك لـەو خزمـەت و مافانـه شـتێکی ئـەوتۆ نـەبووە کـه مایـەی خۆشـحاڵی بووبێـت ، بـەڵکو هەردوو حیزبەکە و ئەندامەکانی لە خەمی خۆ دەوڵەمەنـد کردنـدا بـوون ، دیـارە کـه هـاوڵاتی تەنها ئەو کاتە ئامادەیە پشتگیری هەر قەوارەیەکی حیزبی یان دەوڵەتی بکات کـه وەڵام بـه داوا و مافەکانی بداتەوە ، لـه کوردسـتان ، هـەر کەسـێك دە جـاران لـه ڕۆژێکدا سـواری تاکسـی بێـت تێدەگات ئەو خەڵکە تا کوێ تووڕەو ناڕازییە.

کار و ئەرکی دەرەکی پاراسـتنی وڵات و گەلـه لـه هێرشـی داگیرکـەران کـه ئـەوەیان گـەورەترین ئامانجی هەموو هاوڵاتییەکە ، لە ئەزموونی کوردستاندا ئـەم کـارە لـه کـۆڵ حکومـەتی هـەرێمی کوردستان کرابۆوە و تا هەنووکەش خەڵکی دەست بە دوعاوەن کە ئەمـەریکا و هاوپەیمانـەکانی پشتمان تێنەکەن ، ئەگینا دەخورێین ،دیارە گڵاوکردنی خاکی کوردستان لە لایەن ژەندرمـەکانی تورکیا وئێران بووەتە گەمەیەکی رۆژانە.

لەو ساڵانەی کە ناوچەی یان زۆنـی ئـارام هـەبوو حیزبـه کوردییـەکان لـه بـری جێبـەجێکردنی ئەرکەکانی ناوەوە لە شەڕگەکاندا سەنگەریان لە یەکدی گـرت و خـەڵك و خاکیـان لـەت و پـەت کـرد ، هـەر ئـەوەش وایکـرد بـه هـەزارەها کـەس ڕەو بکـەن و نائومێـد بـن و ئـەم وڵاتـه بـۆ جـەنگاوەرەکانی بـەجێبێڵن ، نیشـتمان و خۆشەویسـتی و خـەڵك و خـاك ئـەو مانـا پـیرۆزەی جارانیان دۆڕاند ، چەمکی نیشتمان و نەتەوەپەرستی لە نێـو تـەپ و تـۆزی شـەڕگەکان و شـەڕە جنێوەکانی نێوان حیزبەکاندا دۆڕاو و تێدا چوو .

(گاریبالـدی) کـه بـیری لـه (ئیتاڵیـا)یـەکی یـەکگرتوو کـردەوە بـیری لـه سـروودێك و ئاڵایـەکی یەکگرتوو کردەوە ، کەچی حیزبە کوردییەکان لە ناو ڕەنگی پەڕۆکاندا هەر هەموومانیان بەنـد

کرد و هەر یەکە و سروودی خۆی خستە سەر زارمان و لە یادەوەری هەر هەمووماندا (ئەی ڕەقیب)یان کوشت.
هەر حیزبە و ویستی سەروەرییەکانی خۆی بکات بە سەروەری هەموو نەتەوە ، کەچی لە نێو ئەو هەموو بێ بەرنامەیی و هەرایەدا پەرلەمان کردەوەیەکی ڕاستەقینەی نەنواند ، تا ئەم ساتە وەختەش ئەو جوگرافیا و مێژووەی قوتابیەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەیخوێنن ، نەك هەر لە ناوئاخندا ، بەڵکو لە ناو و نیشانیشدا جیاوازن .
ڕاستە کە ئێستاکە ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە ، بەڵام هێشتا لەسەر هەڵکردن و هەڵنەکردنی ئاڵای بەعسیانەی عێراق ڕێك نەکەوتووین کە هەمووشمان دەزانین ئاڵا ڕەمزێکە بۆ نەتەوە لە وێنەی دەرکەوتن و مانا بەخشینێکی ماددیانە کە ئێمە لە ژێر ئەو ئاڵا زۆر چڵکنەدا ئەنفال کراین ، ئاڵایەك کە هەرگیز ناکرێت جێی ڕێزی ئێمە بێت کە لە ژێر سایەی ئەو ئاڵایەدا بوو کیمیا باران کراین .
لەوەتەی هەین مێژووی پڕ لە درۆی داگیرکەران بە قوتابیەکان دەڵێینەوە کە شانازی بە (فتوحات و غەزەوات) دەکات و فێرمان دەکەن داگیرکەر بە ڕزگارکەر بزانین ، ئەو ڕزگارکەرانەی لە بیابانی عەرەبی و جزیرەوە هاتن (ژن و ماڵ و میراتی کوردیان بە خەڵك و خاکەوە دزی) .
عەرەب بە ناوی خوداوە لە نێو ئەو شاخانە (ئیمپراتۆریەتی لم)ی لەسەر ڕۆحی هەلاهەلامان قووت کردەوە ، ژن و کچ و خوشکەکانیشمان تا هەنووکە دەچنە سەر گۆڕی (ئەسحابەکان) و کێلی گۆڕەکانیان ماچ دەکەن ، لەوەتەی هەین مێژووی درۆ ، جوگرافیای زۆڵ ، سیاسەتی گوێڕایەڵی دەخوێنین ، لەوەتەی هەین باس لە برایەتی کورد و عەرەب دەکەین لە ناو وڵاتێکدا کە دەستەڵاتدارەکانی بە تەنها وەك کۆیلە لێمان دەڕوانن ، گەر کۆیلە بەختی ئەوەی هەیە لە ژێر سایەی ئاغا و گەورەکانیدا بژی بە مەرجێك واز لە ئازادی خۆی بێنێت، ئەوە کورد بەختی کۆیلەشی نییە ، چونکە چەندە دەست بەرداری ئازادی خۆی دەبێت، ئەوەندە دەستەڵاتدارە عەرەب و تورك و عەجەمەکان ڕووەو قەسابخانەکان بەکێشی دەکەن ، هەر بۆیە پێم سەیر نییە کە سەرۆکی کاتی عێراق (غازی یاوەر) هەڕەشە لە کورد دەکات گەر بیر لە جیا بوونەوە نەکات و ڕیفراندۆم – ڕاپرسی – بە خیانەت دەزانێت ، بەڵام سەیر ئەوەیە لە بەرامبەر ئەو (عەقڵی ژێر عەگالە) سەرکردەکانی کورد وەڵام و کاردانەوەیەکی توند و دەستبەجێیان نەبێت و پەرلەمانی کوردیش وەك هەمیشە خامۆشە و ئەو هەموو قەڵەم بە دەستانەی ناو پەرلەمان خوڵقیان نییە بە یەك ستوونیش وەڵامی هەڕەشەکەی غازی یاوەر بدەنەوە کە وەك حوکم و

هەرِشـەی عـەقڵی نێرانـەی دەسـەڵاتدارانی عەرەبـە کـە وەك نەتـەوە هـەموو کـورد بـە (مـێ) دەزانێت و وا دەزانێت (عوهدە) لە دەست خۆیەتی و هەقی (تـەڵاق و مـارەیی) کـورد بـە دەسـت حـوکمڕانی بیابـان نشـینەوەیە ، بـۆ سـەرۆکی فەرمانـدە ڕەوایـە عێـراق پارچـەیەك بێـت لـە نیشتمانی عەرەبی ، بەڵام ڕاپرسی بۆ کورد بە خیانەت دەزانێت ؛ چ عەقڵێکی عەجیبە..!!

لـەوە دەچـێت کـە ئێمـەی کـورد پەنـد و وانەیـەکی سیاسـی لـە هەڵـە و نوشوسـتی نـاو مێـژووی دوێنێی خۆمان وەرنەگرین و تا هەنووکەش نەمانتوانیوە پەند لە مێژووی پڕ لـە سـەرکەوتن و شکەستی ناو مێژووی نەتەوەکانی دیکە وەربگرین ، ئێمە میللـەتێکی بـێ یـادەوەرین و هەمیشـە ئامادەین لەگەڵ دوژمنەکانمان سازش بکـەین و لـە هـەموو هەڵـە و گوناهـە گـەورەکانیان خـۆش ببین .

بەڵام یادەوەریمان لە ناو خۆماندا (کورد لە بەرامبەر کورد) زۆر خوێناوییە و هەمیشـە بـە درۆ دەست لە ملی یەکدی دەکەین ، سەنگەر لـە یەکـدی دەگـرین ، بـە داخـەوە ئـەوەی کـە مـن وەك هاولاتیەك هەستی پێدەکەم حیزبەکان بە هەمان عەقڵییەتی سیازدە ساڵ لەمەوبەر دەچنە نـاو گەمەی هەڵبژاردنەوە کە لە باشـترین ئاکامـدا هـەوڵ دەدەن دەسـتەڵات لـە نـاو خۆیانـدا دابـەش بکەن بێئەوەی پێمان بڵێن دوای وەدەستهێنانی ئەوە دەستەڵاتە چی دەکەن . بەرنامەی سیاسـی و ئابووری و کۆمەلایەتیان چییە ، چ ستراتیژێکی درێژ خایەن و یەکگرتوویان بۆ ئایندەی کورد لـە هەگبەدایـە ، ئایـا دیسـانەوە پەرلـەمانتارەکان کۆمـەڵێك کەسـی گوێڕایـەڵ و خـامۆش دەبـن لەبەردەم پرسە گەورەکانی ناو مێژووی کـورد ، ئـەزموونی سیاسـەتی کـورد لـەو سیازدە سـاڵەدا ئەزموونی دۆڕاندنی ڕۆحی کوردایەتی و شۆڕشڤانی بوو.ئەزمونێکی شکەست خـواردوو بـوو کـە ململانێی خێڵەکی و بەرژەوەند پەرستی گەیشتە قۆناغی خوێن ڕشـتن و پارچـە پارچـە کردنـی کوردستان بە خەڵك و خاکەوە ، ئەوان کە دەسـتەڵاتدارن دەوڵەمەنـدتر بـوون و ئـەو خەڵکـەش هەژارتر و نا ئومێدتر ، دەبێ حیزبەکان بزانن ئامادەکردنی لیستێك بۆ هەڵبـژاردنی پەرلـەمان ئاسانە ، بەڵام گەر دەیانەوێ تا ئەبەد خەڵکی نەدۆڕێنن و پەرلەمانێکی ڕاستەقینە هـەبێت کـە بە ڕاستی زمان و گوێی هەبێت و بەرگری لە (جوانی و ڕاستی و خێر) بکات ، دژی سـتەم و بـێ ماڤی و هەژاری بجەنگێت و چاودێری وتو وریای نـاو کۆمەڵگـەی کـوردی بێـت، سـوپایەك بـێ بـۆ نەهێشتنی ئەو گەندەڵییەی حیزبەکان تیایدا مەلە دەکەن ، بە دانپێدانی خۆیـان ، مەرجـە زۆر بترسن و زۆر بوەستن لەبەردەم ناوەکاندا ، هەر چـەندە مـن بـۆ خـۆم گومـانم هەیـە لـە حیزبـی کوردی و سیاسەتی ئەمڕۆکەی .

حیزب هەمیشە بە دوای ئەو ژن و پیاوانەدا دەگەڕێت کە شەرمن  و دەست لەسەرسینە گوێ لە حیزب دەگرن ، تا حیزب پەنجە بەرز نەکاتەوە کەس زاتی ئەوەی نییـە پەنجـە بـەرز بکاتـەوە ، ڕاستی و چەوتی لای حیزب دەبێ بە ڕاستی و چەوتی لای ئەوانیش ، هەر بۆیە سەیر نییە ئـەو کاتەی (کالیگۆلا) وەك دکتاتۆرێك بڕیار دەدا ئەسـپەکەی خـۆی بکـات بـە ئەنـدام پەرلـەمان بـێ ئـەوەی پەرلـەمانتارەکان بـوێرن ڕەتـی بکەنــەوە ، چـونکە (کـالیگۆلا) دەزانـێ جیـاوازی نێـوان ئەسپەکە و پەرلەمانتارە بەستەزمانەکانی ئەوەندە گەورە نییە!

لـە دوا پەڕەگرافـدا چیرۆکێکم بـیر کەوتۆتـەوە و دەیگێڕمـەوە کـە بەڕاسـتی ڕووی داوە ، چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر لـە ولاتـی (نیپـاڵ) پیاوێـك وەك ئەنـدام پەرلـەمان – ئەنجوومـەن – خـۆی هەڵدەبژێرێت و داوا لەو ناوچەیەی خۆی دەکات کە زۆرترین دەنگی بۆ بـدەن ، دەیـەها بـەڵێنی زەرد و سـوور بـەو خەڵکـە دەدات . هەڵبـەت دوای سـەرکەوتنی پەرلەمانتارەکـە و بـە درێـژایی ماوەی بە ئەندامبوونی هیچ خێرێکی بۆ ناوچەکەی خۆی نابێت و بەڵێنەکانی درۆ دەردەچن.

دوای تەواو کردنی قۆناغی یاسایی بـێ ئابڕووانـە بـۆ جارێکی دیکـە و دیسانەوە خـۆی کاندیـد دەکات و داوا لە خەڵکی ناوچەکەی خۆی دەکاتەوە کە سەر لە نـوێ بـۆ جـاری دووەم دەنگـی بـۆ بدەن ، خەڵکەکەش بە بیانووی ئەوەی کە سوپاسی بکەن و کۆمەڵێك داوا و پێشـنیاری دیکـەیان هەیە کە بیخەنە بەردەمی بانگی دەکـەن کـە سـەردانی هەرێمەکـەیان بکـات ، دیـار ئـەو خەڵکـە تووڕە و داخدار و نا ئومێدە سوێندی ئەوە بۆ یەکدی دەخۆن کە بە هـەر هـەموویان بیکـوژن و هەر کەسە و کوتێك لە گۆشتەکەی بخوات ، هەڵبەتە ئەو بەڵێنە سەر دەگرێت و کابرا دەخۆن .

پاش ماوەیەك دەستەڵاتدارانی (نیپاڵ) کە پێی دەزانن کە ئەو پەرلەمانتارە کۆنە و سەر لە نوێ کاندید کراوە ون بووە ، هـەر هـەموو خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە زۆر بـە سـادەیی و ڕەسمـی وەڵامـی دەستەلاتدارانی وڵاتەکەی خۆیان دەدەنەوە و بۆیان دەنووسن " قوربان .. ئێمـە ئـەو نوێنـەرەی خۆمان لە وەفا و خۆشەویستیەوە خوارد..!! "

( 14 )ی سەرماوەرزی ( 2073 )